سودانی: کەمپانیا ئەمریکییەکان بانگهێشت کراون بۆ بۆشداریکردن لە ئەو گۆشەسەندنەی کە عێراق بۆخۆیەوە دەیبینێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لەمیانی پێشوازی لە جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی ئەمریکا دووپاتیکردەوە کە کەمپانیا ئەمریکییەکان بانگهێشت کراون بۆ بۆشداریکردن لە ئەو گۆشەسەندنەی کە عێراق بۆخۆیەوە دەیبینێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەئاژانسی موتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕاویکردەوە "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە پێشوازی کرد لە سەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانی ئەمریکا عێراقی و جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی ئەمریکا بەڕێز ستیف لیتس.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانەی دیدارەکەدا پێیوەندییە بازرگانییەکان و هاوکارییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا خراننەوە، و هەوەدان بە ئامادەکاری بە کەبەندی نوێنەرانی کەمپانیا ئەمریکییەکان، کە لە ماوەی ئەمساڵدا لە عێراق بەڕووەدەچێت، هەروەها بەدواداچوون بە جێبەجێکردنی 18 ڕێککەوتن و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن کرا، کە ساڵی ڕابردوو لە سەردانەکەی بەڕێزیاندا بە ئەمریکا واژە کران.

سودانی ستایشی هەوڵەکانی لوتوس"ـی کرد لە سەرپەرشتی کردن و بەستنی کێ و کێبوونەوەکان، بەتایبەتی

لەگەڵ کەرتی تایبەتی عێراقدا، و جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت هەنگاوی گرنگی ناوە لەبواری جیاجیاکانی چاکسازی ئابووری و گەیەنی دیجیتاڵی بازرگانی و بانکدا، و ئاماژەی بە بەردەوام بوون کرد لە هەوڵەکان بە دەرکردنی یاسای خاوەندارەتی فکری و خستنەگەڕی ئەم چەمکە لە پەیگرامەکانی خوێندندا، بەمەبەستی هاوسەنگ بوون لەگەڵ گەشەسەندنی بازرگانی جیهانیدا.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەشکرد کە چاکسازی ئابووری توانیویەتی ئاستی وەبەرهێنانی بیانی لەعیراقدا بەرزبکاتەوە و کەمپانیا ئەمریکییەکان بانگهێشت کراون بە بەشداریکردن لە ئەو گەشەسەندنەی کە عێراق بەخێیەوە دەیبینێت، هەروەها ژینگەی وەبەرهێنانی سەرنجڕاکێش و دەستی بازرگانی.

لە لای خێیەوە لەتس ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کرد لەبواری چاکسازیدا و جەختی لەخواستی زەرەک لەکەمپانیا ئەمریکییەکان کردەوە بە هاتنە ناوەوەی بازاڕی عێراق و دامەزراندنی هاوبەشی بەندەر لەگەڵ کەرتی تایبەتی عێراق و بەشداریکردن لەگەشەپەدان و فراوانکردنی چالاکییەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان.